# دەقی گفتوگۆی ئاوێنە لەگەڵ ئیبراهیمی عەلیزادە

چوارشەمبە ٢٩ی ئاگوستی ٢٠٠٧

دیتنی ئەو هەموو ڕووداوگەلە هەژێنەرەی کە لەماوەی چل ساڵی ڕابردوودا بەسەر ئێرانو ناوچەکەو جیهانیدا تێپەڕین، نەک هەر باوەڕی "ئیبراهیمی عەلیزادە"یان بەرێبازی "چەپ" تۆزقاڵێک لەق نەکردووە، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەو تەئکید لەوە دەکاتەوە کە "هەلومەرجی ئێستای دنیا ئەوەمان لێدەخوازێ لەسەر ڕێبازی خۆمان هەرچی مەحکەمتر پێدابگرین".
ئەم سیاسەتمەدارە هێمنو لەسەرخۆیە کە سکرتێری "کۆمەڵە"و "حیزبی کۆمۆنیستی ئێران"ەو هەر لەهەرەتی گەنجێتییەوە تێکەڵ بەکاری حیزبی بووەو سەری لەحیزبایەتیدا سپی کردووە، لەم گفتوگۆیەدا ئاماژە بەوە دەکات کە زۆربەی هەرە زۆری حیزبەکانی کوردستان لەقەیراندا ڕۆژگاریان بەسەردەبەنو سەرچاوەی ئەم قەیرانەشیان لەکرۆکدا دەگەڕێنێتەوە بۆ "شکستی ستراتیجو سیاسەتەکانیان".
ئەمە دەقی گفتوگۆکەی ئاوێنەیە لەگەڵ "ئیبراهیمی عەلیزادە"دا:

**حیزبەکان.. خۆشباوەڕی، نەزۆکی سیاسەتو لەخەڵك دابڕان**

ئاوێنە: کاک ئیبراهیم قەیرانێکی گەورە زۆربەی حیزبەکانی ئێمەی گرتووەتەوە، هەر لەحیزبەکەی خۆتانەوە بگرە تا کۆمەڵەکەی ترو دیموکراتو یەکێتیو پارتیو پەکەکە.. پێتوانییە ئەم قەیرانە لەوەوە سەرچاوە دەگرێ ئەم حیزبانە بۆ سەردەمو قۆناغێک دامەزران کە تێمانپەڕاندو بەجێمانهێشت؟

ئیبراهیمی عەلیزادە: من تێبینییەکم هەیە بەرلەوەی وەڵامی پرسیارەکەت بدەمەوە، ئێمە ئێستا لەقەیرانێکی گەورەدا نین، هەلومەرجی ئێستای کۆمەڵەی ئێمەو حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ناکرێت بەراورد بکرێت لەگەڵ حیزبەکانی دیکەی کوردستان، نازانم لەداهاتوودا چ دەبێت بەڵام ئێستا وا نییە.
سەرچاوەی قەیرانی نێو حیزبەکانی کوردی، ئەوانەی کە لەناو خەڵکدا ناوو ناوبانگێکیان هەیە ، لەجەوهەری خۆیدا "سیاسییە"، هەرچەندە بەڕووکەش وا بەرچاو دەکەوێت کە لەهەندێک حیزبدا شەڕی دەسەڵاتەو لەهەندێکی تردا نەبوونی دیموکراسییە لەناوخۆی حیزبدا، یان شەففاف نەبونی دۆسیەی داراییە یان کێشمەکێشی کۆنی چارەسەرنەکراوی نێوان کەسایەتییەکانیانە. لەگەڵ ئەوەشدا کە هەر کامیان لەوانەیە حەقیقەتێکی تێدا بێ، بەڵام ئەم قەیرانە لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە سەرجەم ئەو ستراتیجییەی هەر کام لەو حیزبانە دایانڕشتووە بۆ بەئەنجامگەیاندنی ئامانجو بەرنامەکەیان، ئەو سیاسەتانەی کە لەپێناوی ئەو ستراتیجەدا ڕەچاوی دەکەن وەڵامدەرەوە نەبووە، کە ستراتیجییەکی سیاسی وەڵامدەرەوە نەبوو، ئەو سەرکردایەتییەی ئەم ستراتیجییەی دارشتووە لەناو ریزەکانی حیزبەکەیدا ئیعتیبارو نفوزی خۆی لەدەست دەدات. کە وایلێهات ئیتر توانای چارەسەرکردنی کێشەکانی دیکەو ڕاگرتنی یەکریزی حیزبەکەی خۆی نامێنێ. جاری وا هەیە لەبەرئەوەی بەدیلیش نییە بۆ ئەو سەرکردایەتیە، بەتایبەتی لەو حیزبە سونەتیو تەقلیدیانەی کە لەناوچەکەی ئێمەدا هەن، خەڵکەکەی خۆیان بەنابەدڵیش بێت بەو سەرکردایەتییە ڕازین، ڕابەری سیاسی بەنابەدڵی ئەوان حکومەت دەکات بەسەریاندا، لەنێو ڕیزەکانی ئەو حیزبەدا ئەگەر کێشەیەکی شەخسی یان گەندەڵی دارایی، یان کێشەی دیموکراسی دروست بوو، ئیتر ئەو ڕابەرییەی کە ئۆتۆریتەی سیاسی خۆی لەدەستداوە، توانای ئەوەی نامێنێت کە ئەو کێشەیە دابمرکێنێتەوە، ئەگەر کێشەیەکی لاوەکیش بێت توانای دامرکاندنەوەی نامێنێت، بۆچی؟ چونکە لەجێگەیەکی دیکەوە ئیعتباری خۆی لەدەستداوە، ئەگەر ڕابەرییەکی سیاسی لەناو حیزبێکدا توانیبێتی حیزبەکە لەگێژاوەی سیاسی گەورەی سەردەمی خۆیدا بەسەلامەتی دەرباز بکات ئەوجار دەشتوانێ کێشەکانی دیکەی ناو حیزبەکەشی کونترۆڵ بکات.

ئاوێنە: ئەمە بەو مانایە نییە کە ئەم حیزبانە لەگەڵ تێپەڕینی زەمەندا نەیانتوانیوە خۆیان نوێبکەنەوە، لەکاتێکدا هەلومەرجی کوردستانو ناوچەکەو جیهانیش گۆڕانکاری گەورەیان بەسەردا هاتووە، کەچی ئەوان وەک جاری جاران‌و سەرەتای دامەزراندنیان بیردەکەنەوەو کار دەکەن؟

ئیبراهیمی عەلیزادە: هۆکاری نەزۆک بوونی سیاسەت‌و ستراتیجیەکەیان دوورکەوتنەوەیانە لەخەڵک، واتە دابڕانیانە لەپێگەی جەماوەرییان، بێگانە بونیان لەبەرژەوەندیەکانی جەماوەر. ئەم دابڕانە زۆر ڕۆڵی هەبووە لەسەر ئەوەی نەتوانن ستراتیجییەکی سیاسی گونجاو لەگەڵ ئامانج‌و بەرنامەی خۆیان دابڕێژن. سەبارەت بە گۆڕانکاری گەورە کە بەسەر جیهاندا هاتووە، ئەم قسەیە تەفسیر هەڵدەگرێت، بۆ ئەوەی بزانین ئەو حیزبانە ئەبوایە لەگەڵ چ جۆرە گۆڕانکارییەکی جیهانی خۆیان بگونجێنن، پێشتر پێویستە لەسەر سەلبی یا ئیجابی بونی ئەو گۆڕانکاریانە تەوافوقی نەزرمان هەبێ. بۆ وێنە من لەو باوەڕەدا نیم روخانی یەکێتی سۆڤیەت‌و تاکجەمسەری ئەمەریکاو ڕەوتی نیولیبرالیزمێک کە ئەمڕۆ دونیای گرتووەتەوەو گلۆبالیزاسیۆنێک کە لەسایەی نیولیبراڵەکان‌و بانکی جیهانیدا بەڕێوە دەچێت، ئەوە گۆڕانکارییەکی ئیجابییە بەسەر جیهاندا هاتووە، من سیاسەتی ئەمەریکا لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەباهۆزی دیموکراسی نازانم کە هەلی کردبێ ، کەوابێ بەگۆڕانکارییەکی ئیجابی نازانم. پێموایە گرفت ئەوەیە ئەم حیزبانە نەیانتوانی وەک حیزبێکی ڕەخنەگر بەرامبەر بەو ڕەوتە سەلبیەی بەسەر جیهاندا هاتووە هەڵوێست وەرگرن، کیفایەتی ئەوەشیان نەبوو خۆی لەگەڵ بگونجێنن یان لەگەمەکەدا وەریاننەگرتن. ئەمڕۆ بنبەستی زۆربەی حیزبەکانی کوردی ئەوەیە کە نەیانتوانی ماهیەتی سیاسەتی ئەمەریکا دەرک بکەن‌و نەیانتوانی خەڵکەکەی خۆیان بەرامبەر بە ئاکامەکانی چالاک بوونەوەی ئەمەریکا لەم ناوچەیەدا هوشیار بکەنەوە، هەوڵیاندا خۆیانی لەگەڵ بگونجێنن نەیان توانی، لەهەردوو لا بێ بەش بوون، هەم لە جەماوەری خەڵکی وڵاتەکەیان‌و هەم لەبەرهەمی سیاسەتی ئەمریکا. خۆیان ئەو راستیە دەرک بکەن یان نەیکەن سەرچاوەی بەشی زۆری قەیرانەکانیان لەوەدایە.

ئاوێنە: واتە پێتوایە ئەم حیزبانە گرفتەکەیان ئەوەیە نەیانتوانیوە لەگەڵ ڕەوتی رووداوەکاندا بڕۆن، ڕووداوەکان پێشیانکەوتون‌و ئەوان بەجێماون؟

ئیبراهیمی عەلیزادە: وایە، بەو مانایەی ڕەوتی ڕووداوەکانیان نەناسیوە، لەئەنجامدا نەیانتوانیوە وەڵامی پێبدەنەوە، واتە کۆی ئەو ڕووداوانەی لەدوای روخانی یەکێتی سۆڤیەتەوە لە1991و لەئاکامی دەسەڵاتداریتی ئەمەریکا لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕوویانداوە هەمووی سلبین. کاردانەوەش بەرامبەری، لەلایەن ئیسلامی کۆنەپەرست‌و دواکەتوو بووە. ئەو حیزبانەی لەکوردستاندا چالاکی دەکەن، هەرچەندە بەناوی غەیرە دینی‌و عەلمانی‌و مۆدرێن ناسراون‌و هەندێکیشان ناوی سۆشیالیزم‌و کۆمۆنیزمیشیان پێوەیە، نەیانتوانی ئەو ڕەخنە کۆمەڵایەتییە لەم ڕەوتەی بەسەر ئەم ناوچەیەدا زاڵە بگرن، نە لە ئیسلامییەکەی، نە لە ئیمپریالییستیەکەی، بۆیە بەو مانایە بەجێماون. بۆ چینەکەی خۆشیان حیزبی ئۆپۆزیسیونی شیاوی ئەم زەمانەیە نین.

ئاوێنە: کەواتە ئەم حیزبانە خۆیان خوڵقێنەری ڕووداو نەبوون‌و ڕووداوەکان لەدەرەوە هاتون‌و سەپێنراون؟

ئیبراهیمی عەلیزادە: ڕاستە، تەسلیمی ڕووداوەکان بوون، بە شوێنیدا ڕۆیشتون.

ئاوێنە: بەڵام لەلایەکی دیکەوە ئەم حیزبانە پێناسێکی ڕوونیان نییە، دیار نییە کە هەڵگری چ بیرو نوێنەری چ پێکهاتەیەکی کۆمەڵگەو هێڵێکی سیاسی ئاشکران، ئەمە واینەکردووە کە حیزب‌و حیزبایەتی لەکوردستاندا لەمانا ڕاستەقینەی بەتاڵبێتەوە؟

ئیبراهیمی عەلیزادە: حیزبە ناسیونالیستەکانی کوردی بەپێگەی کۆمەڵایەتی خۆیان پشت ئەستور نین، لەهەمانکاتدا ستراتیژییەکی ڕۆشنیشیان نییە، یەکێ دەڵێت فیدرالیم دەوێت، یەکێک دەڵێت سەربەخۆیم دەوێت، یەکێ دەڵێت رزگاری نەتەوەیی و عەدالەتی کۆمەڵایەتیم دەوێت، بەڵام دەبێت نیشانی بدەن لە چ ڕێگەیەکەوە دەیانەوێ بەو ئامانجانەیان بگەن، لێرەدا تووشی سەرلێشێواوی دەبن. ئەمڕۆ پێیوایە ڕێگەی نەجات لەوەدایە خۆی لەگەڵ سیاسەتی ئەمەریکا بگونجێنێت، کە بۆی ناگونجێت سەری لێدەشێوێت، دوێنێ شتێکی بەخەڵک وتووەو ئەمڕۆ شتێکی تر دەڵێت. ئەمڕۆ دەڵێت خەباتی مەدەنی باشەو سبەی با دەداتەوە بەلای کاری چەکداریدا، ئەمڕۆ دەڵێت خاتەمی نەجاتمان دەدات، سبەینێ دەڵێت هەڵە بووین. ژیانی سیاسییان پرە

لەخۆشباوەڕی یان چاوەڕوانیو بێ هومێدی. هەر بۆیە هێشتا لەقەیرانێک نەهاتونەتە دەرێ تووشی قەیرانێکی دیکە دەبن.

ئاوێنە: ئایا بەشێکی ئەم قەیرانە هۆکەی ئەوە نییە کە پرۆسەیەکی دیموکراسی لەناو حیزبەکان خۆیاندا پەیڕەو ناکرێتو بەدەگمەن تەداولی دەسەڵاتمان لەنێو ئەم حیزبانەدا بینیوە، بۆ نمونە حیزب هەیە لەوەتەی دروست بووە یەک سکرتێرو سەرۆکی هەیە؟

ئیبراهیمی عەلیزادە: بێگومان لەزۆربەی هەرە زۆری حیزبە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەو دیاردەی نەبوونی دیموکراسیو رابەرانەی تا دەمرن رابەرن، دەبینرێتو شاراوە نییە. بەڵام من پێموایە قەیرانی ناوخۆی ئەو حیزبانە ناگەڕێتەوە بۆ ئەوە، چونکە تۆ لە رابردوودا چەندین شۆڕشی نەتەوەییو دژی ئیستعماری لەم جۆرە وڵاتانەدا دەبینی کە تەنانەت تاکە کەس زیاتر لەحیزبیش تێیدا دەوری بینیوە.

ئاوێنە: مەگەر سەردەمی قارەمانو سەرکردەی مێژوویی بەسەرنەچووە؟ بۆ رۆڵی تاکەکەسو سەرکردە گەورەتر بکرێ لەرۆڵی کۆمەڵگە، راگرتنی ئەم هاوکێشەیە بەمجۆرە زیان بەحیزبەکانیش ناگەیەنێت؟

ئیبراهیمی عەلیزادە: قەتعەن ئەو سەردەمە بەسەرچووە، بەڵام لەسەردەمی نوێشدا کێشە سەرەکێکە ئەوە نیە. سەرکردایەتی حیزبێک  کە لەماوەی پێنج ساڵدا پێنج سیاسەتی هەڵەی داڕشتبێ، جا ئەو سەرکردایەتیە ئەگەر دیکتاتور بێ لەناو حیزبێکدا کە بەتایبەت لەدەسەڵاتیشدا نەبێ کە لانیکەم ریزەکانی خۆی بەنانو نەوایەک بگەیەنێ، چۆن تەحەمول دەکرێت؟ هۆکاری سەرەکی ئەوەی سەرکردایەتی حیزبە کوردییەکان نفوزیان لەناو ریزەکانی خۆیاندا لەدەستداوەو لەئەنجامدا زەمینە بۆ جیابوونەوەو لێکدابڕانیان زۆر بووە، پێش هەموو شتێک ئەو سیاسەتانەیە کە نەیتوانیوە حیزبەکەیان هەنگاوێک بەرەو پێش بەرێت.

ئاوێنە: باشە دەستاودەست نەکردنی دەسەڵات لەناو حیزبەکاندا زیاتر رێگەی بۆ سەرهەڵدانی قەیرانو نوێ نەبوونەوەو ئەو سیاسەتە هەڵانە فەراهەم نەکردووە؟

ئیبراهیمی عەلیزادە: نوێبوونەوەی حیزبێکی سیاسی کە پێگەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراوی هەیە رەوتێک نییە کە تەنها لەناوخوَی حیزبەکەدا بەئەنجام بگات، رێگەی نوێبوونەوە بۆ وەهاحیزبێکی سیاسی ئەوەیە لەگەڵ رەوتی بوژانەوەی سیاسیو فەرهەنگیو کۆمەڵایەتی کۆمەڵگادا خۆی بگونجێنێت، ئەگەر نەتوانێت ئەوە بکات، ناتوانێت حیزبەکەی خۆی نوێبکاتەوە. ئەم خۆنوێکردنەوەیە پێویستی بەستراتیجییەکی سیاسی روونە کە بەکردەوە حیزبەکەی بەرەو پێش بردبێ. رێگەی نوێبوونەوە بۆ حیزبێکی سیاسی ئێستا لەکۆمەڵگەیەکی وەک کۆمەڵگەی کوردستانی ئێران ئەوەیە کە بتوانێت لەگەڵ ئەو رەوتی بوژانەوەی سیاسیو فەرهەنگیو کۆمەڵایەتییەی کە لەئارادایە خۆی بگونجێنێت، ئەگەر نەتوانێت ئەوە بکات ناتوانێت حیزبەکەی خۆی نوێبکاتەوە.ئەم خۆنوێکردنەوەیە پێویستی بەستراتیجییەکی رۆشنە.

ئاوێنە: بەڵام بەدەر لەمە، ئایا دروستکردنی بڕیاری سیاسی لەحیزبێکدا کە تەنها بەدەست چەند کەسێکی دیاریکراوی سەرەوەی هەرەمی دەسەڵاتەوە بێت، نارەزایی لەخوارەوە دروست ناکات کاتێک هەست دەکەن لەپرۆسەی بڕیاردااندا بەشدار نین؟

ئیبراهیمی عەلیزادە: بێگومان ئەو حیزبانەی بەوجۆرە هەڵسوکەوت دەکەن هەمیشە لەگەڵ خۆیاندا قەیرانێک بەکێش دەکەنو مومکینە رۆژێک لەرۆژان ئەو قەیرانە بتەقێتەوە، بەڵام کەی دەتەقێتەوە؟ ئەو کاتەیە کە ئەو سەرکردایەتییەی ئەمە شێوەی کاریەتیو بەدەسەڵاتەوە نوساوەو بەهیچ جۆرێک دەستی لێبەرنادات، سیاسەتداڕێژەرێکی باشیش نەبێ بۆ حیزبەکەی خۆی. مەبەستم ئەوە نییە کە توانی سیاسەتی باش داڕبڕێژێ قەی ناکات با دیکتاتوریش بێت، دەمەوێ بڵێم سەرچاوەی قەیرانی ئەو حیزبانە ناگەڕێتەوە نێو خۆیان، ناگەڕێتەوە بۆ کێشەی دیموکراسی لەنێوخۆیاندا، ئەگەرچی کێشەی دیموکراسیش یەکێکە لەکێشەکانیان.

ئاوێنە: بەڵام قەیرانی سەرەکی ئەم حیزبانە ئەوە نییە کە لەناوخۆیاندا کێ بڕیاری سیاسیان تیا دروست دەکات؟ ئەوە نیە کە لەم حیزبانەدا تەنها یەک دوو کەس خاوەنی بڕیارو ئاراستەکردنی راستەقینەی حیزبن، ئەوانیتر بەیەکجاری لەو پرۆسەیە کراونەتە دەر، ئەمە قەیرانێکی قوڵی لەناو ئەم حیزبانەدا دروستنەکردووە؟

ئیبراهیمی عەلیزادە: بەڵێ ئەمەش لەجێگەی خۆیدا قەیران دروست دەکات، بەڵام پرسیار ئەوەیە کە "قوڵایی قەیرانەکەی ئەم سەردەمەیان لەکوێدایە؟". وەڵامی من ئەوەیە پێش ئەوەی کە لەنەبونی دیموکراسیدا بێ لەسیاسەت دارِشتنی هەڵەو لەبێ ئاسۆیی سیاسیاندایە. بۆیە جیابونەوەکانیان کە دەیتوانی گەلێک ئاسایی بێ، بەپرۆسەیەکی پڕ ئێشو ئازاردا تێپەڕ ئەبێو روحی هاورێیەتی لەناویاندا لەبەین دەبات. کێشەکان کاتێک قوڵتر دەبنەوە کە نە ئەوەی دیموکراسی پێشێل دەکاتو نە ئەوەی هاواری دیموکراسی دەکات هیچ کامیان رێگایەکی عەمەلیو ئاسۆیەکی روون ناخەنە بەردەم ریزەکانیان.

ئاوێنە: دواکەتویی کۆمەڵایەتیو کلتور، نەخوێندەواریو پێکهاتەی خێڵەکی کۆمەڵگەی کوردی، تا چەند رێگرە لەبەردەم سەرهەڵدانی حیزب بەمانای راستەقینەی ئەو وشەیە، ئایا ئەم دواکەوتووییە سەرەنجام وەک دیومانە حیزبەکان ناکەنەوە بەحیزبی خێڵو چەند خێزانێک یان بەحیزبی ناوچەیەکی دیاریکراو؟

ئیبراهیمی عەلیزادە: بەبڕوای من دواکەوتوویی کۆمەڵگە کاریگەریی دەبێت لەسەر حیزبە سیاسییەکان، بەڵام ئەوەی کە ئێمە دەیبینین ئەوەیە بەو رادەیەی کۆمەڵگە پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوە، کە لەراستیدا کۆمەڵگەی کوردی پێشکەوتووەو لەجێی خۆیدا نەماوەتەوە، بەو رادەیە کاردانەوەی نەبووە لەسەر حیزبەکان، بەو رادەیە حیزبەکان پێشکەوتوو نەبوون، بێجگە لەوە حیزب کە پێشڕەوە دەبێت کار لەسەر کۆمەڵگە بکات، بۆ نمونە ئایا لەکوردستانی عێراق پێویستمان بەپانزە ساڵ بوو تا یاسای باری کەسایەتیو سەرجەم قانونەکانی بەعس ئیلغا بکەینەوە؟ پێویست نەبوو. زۆر چاکسازی دەمانتوانی بیکەین، کە تەنانەت لەوڵاتانی دواکەتووتر لەئێمە حیزبە سیاسییەکان پێشڕەوایەتییان کردونو کردویانە. من دەمەوێ بڵێم راستە کۆمەڵگەو حیزبی سیاسی کاریگەری دوو لایەنەیان هەیە لەسەر یەکتری، ئەوە ئاشکرایە، بەڵام بەو رێژەیەی کە کۆمەڵگەی کوردستان چووەتە پێشێ حیزبە سیاسییەکان خۆیان لەگەڵ ئەو پێشکەوتنە نەگونجاندووە. کۆمەڵگەی کوردستان شایستەی دیموکراسییە، لەڕووی گەشەی کۆمەڵایەتییەوە نەک لەڕووی ئەخلاقییەوە، لەسەردەمی گلۆبالیزیۆنو سەتەلایتو ئینتەرنێتو ئەو پێشکەوتنە تەکنیکییەی کە بەسەر دونیادا هاتووە لەم سەردەمەدا تۆ مافە سەرەتاییەکانی خەڵکێک پێشێل بکەیت بەحسابی ئەوەی کە کۆمەڵگە دواکەوتووە، رەوا نییە. پێویستە ئەوەش بڵێم کە لەکاتی قەیرانی سیاسیدا زۆر شتی کۆن دێنەوە ڕوو، بۆ نمونە کەس بەبیریدا دەهات کە عێراق ئاوا ببێتە کانگای تیرۆرو تاوان؟ باشوری عێراق زیاتر لەهەشت ملیۆنی کەسی تیا دەژی، مومکینە یەک ملیۆنی لەگەڵ ئەو رەوتە بێت، حەوت ملیۆنەکەی تری دەستی بەکڵاوەکەیەوە گرتووە با نەیبات، لەهەڵوێستێکی دیفاعیدایە. هەشت ملیۆن کەس لەژێر ئەو ئەزمەیەدا کە بەسەریدا روخاوە بێدەنگ دانیشتووە، بەمەرجێک ئەم کۆمەڵگەیە ئەوە بووە وەختی خۆی حیزبی شیوعی تیایدا گەشەی کردوەو کانگای فەرهەنگو کلتوری پێشکەوتووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە. دەمەوێ بڵێم کاتی قەیران شتە خراپو کۆنەپەرستانەکان دێنەوەڕوو، بەری چاوی بنیادەم دەگرن. جا حیزبی سیاسی کوردیش نەک هەر لەبەدیهێنانی ئەو زەمینە کۆمەڵایەتیو پێشکەوتووەی کە لەدونیای ئەمڕۆدا دروست بووە کەمتەرخەمن، بەڵکو ئەوانیش هەر پشتدەبەستن بەبەشە دواکەوتووەکانی پێکهاتەی کۆمەڵگە.

ئاوێنە: لەزۆرێک لەحیزبەکانی ئێمەدا هەوڵێک هەبووە بۆ ریفۆرمو چاکسازی، بەڵام هیچ یەکێکیان سەرکەوتنیان بەدەستنەهێناوە، ئایا ئەمە ئەو راستییە ناسەلمێنێت کە حیزبەکانی کورد قابیلی چاکسازیو ریفۆرم نین، هۆکاری ترسانیشیان لەریفۆرم ئەوەیە زیاتر هەڵەو پەڵە شاراوەکانیان دەرکەوێو سەرەنجام رووبەڕووی دارِمانێکی دراماتیکی ببنەوە؟

ئیبراهیمی عەلیزادە: حیزبێکی سیاسی لەگەڵ روخانی دیواری دیکتاتۆریو کرانەوەی دەرگای دیموکراسی ناوخۆیی، بێ گومان هەڵەو پەڵەکانیشی دەردەکەون. بەڵام ئەوانە ئەو هەڵەو پەڵانەن کە لەمەیدانی کردەوەی سیاسییاندا پێشترو لەئاستێکی گەلێک بەرینتردا نەک هەر بۆ ئەندامانی حیزبەکە بەڵکو بۆ کۆمەڵگا دەرکەوتوون. باشترین پێوانە بۆ هەڵسەنگاندنی حیزبێکی سیاسی ئەوە نییە کە بزانین لەناوخۆی خۆیدا چەندە مافی دیموکراتیکی ئەندامەکانی بەرەسمی دەناسێ، ئەوە ناسینێکی گەلێک بەرتەسکمان پێدەدات، بەڵکو ئەوەیە کە بزانین چەندە کاری کردووەتە سەر ژیانی ئەو جەماوەرەی کە رۆژێک لەرۆژان هیوایان پێبەستووەو چەندە

لەئامانجەکانی نزیکی کردووەتەوە. هەموو ئەو حیزبە سیاسییانەی کە لەسەر کێشەی دیموکراسی تووشی ئەزمەی ناوخۆیی دەبن، پێش ئەوە تووشی ئەزمەی سیاسی بوون، نفوزو ئیعتباریان لەناو جەماوەردا لەدەستداوە یان کەم بۆتەوە. ئەو حیزبانە ئەگەر تەنانەت کێشەی دیموکراسیش لەناوخۆیاندا چارەسەر بکەن ناتوانن پێش بەدابڕانیان لەجەماوەر بگرن.

ئاوێنە: تا چەند بڕوات بەوەیە کە حیزبی کوردی لەگەڵ ڕەوتی گۆڕانکارییەکانی ئێستاو ئایندەی کوردستانو جیهاندا نەبزوێنو نوێ نەبنەوە، سەرەنجام مەحکومن بەتێکشکان؟

ئیبراهیمی عەلیزادە: ئەمە بنبەستی ڕەوتی ناسیۆنالیسمی کوردە لەچارەسەر کردنی یەکجاری ستەمی نەتەوایەتیدا. ناسیۆنالیسمی ئەم سەردەمەی ئێمە لەکەلێنو کەلەبەرەکانی سیاسەتی زل هێزەکانی جیهانیو ناوچەییدا بەشوێن ڕێگاچارەی ستەمی نەتەوایەتیدا دەگەڕێ، نەک لەڕێگەی پشتبەستن بەخەباتی جەماوەری. جەماوەر هەر ئەوەندە بەلایەوە گرنگە کە بتوانێ خزمەت بەم ستراتێژەی بکات. هەر جارە کە ئەو پلانە سیاسییە بێ ئاکام دەمێنێتەوە حیزب تووشی ئەزمە دەبێت. بەبڕوای من داهاتووی هیوابەخشی ئەم وڵاتە نەک لەنوێ بوونەوەی حیزبەکاندا بەڵکو لەهاتنە کایەی حیزبی نوێدا کە لەجەرگەی هەلومەرجێکی سیاسی ڕوو لەگەشەدا پێکهاتبن، دەردەکەوێ.

## کۆمەڵە یان حیزبی کۆمۆنیست

ئاوێنە: ئەگەر لەحیزبەکان بڕوانین، هەر حیزبەو قەیرانێکی تایبەت بەخۆی هەیە، با لەحیزبەکەی خۆتانەوە دەستپێبکەین، کاک ئیبراهیم بەرلەهەر شتێک با بپرسین ئایا تۆ ڕۆژێک لەڕۆژان بیرت لەوە کردووەتەوە دەستبەرداری سکرتێریی حیزب بیت، کە لەوەتەی دامەزراوە سکرتێریت؟

ئیبراهیمی عەلیزادە: من نەک هەر بیرم لێکردووەتەوە، بەڵکو ئارەزووشم ئەوە بووە، بەشاهیدی هەموو هاوڕێکانم زۆرم هەوڵداوە بەڵکو هاوڕێیەکم ئەو جێگەیە بگرێتەوە، کەسی ئاواش لە ناو حیزبی ئێمەدا کەم نین.

ئاوێنە: ئەی بۆ ئەمە ڕووینەداوە؟

ئیبراهیمی عەلیزادە: بۆچی؟ بەداخەوە ناتوانم تەبریرێکی زۆر ڕۆشن بەدەستەوە بدەمو بڵێم بۆچی وایە، بەڵام هیوادارم ئەو کێشەیە وایلێنەیەت کە کەس بتوانێت ئەو ڕەخنەیە لەحیزبی ئێمە بگرێت.

ئاوێنە: ئەی بۆ ناوی حیزبەکەتان نەگۆڕی، لەکاتێکدا تەنانەت لەوڵاتە پێشکەوتووەکانی ئەوروپاشدا حیزبە کۆمۆنیستەکان ناوی خۆیان گۆڕی؟

ئیبراهیمی عەلیزادە: گۆڕانی ناوی حیزبە کۆمۆنیستەکانی ئەوروپا، لەواقیعدا گۆڕانکاری بوو لەڕێبازی سیاسییاندا، تەنها گۆڕانێکی ساکاری ناوەکانیان نەبوو، گۆڕانکارییەک بوو بەهۆی شکستی ستراتیجیو ڕێبازەکەیان زەروری بوو.

ئاوێنە: بەڵام پێتوانییە هەلومەرجی ئێستای دنیا ئەوەی لێدەخواستن؟

ئیبراهیمی عەلیزادە: ئەگەر قسە لەسەر ڕێبازی کۆمۆنیستییە، هەلومەرجی ئێستای دنیا بەپێچەوانەوە ئەوەمان لێدەخوازێ کە لەسەر ڕێبازی خۆمان هەرچی مەحکەمتر پێدابگرین، چونکە تەواوی ئەو بەدیلانەی کە سەرمایەداری دوای ڕوخانی یەکێتی سۆڤیەت هێنایەڕوو هەمووی بەبنبەست گەیشتن، وتیان نیزامی سەرمایەداری کۆتایی مێژووەو بەشەر چارەیەکی نیە دەبێ بەو چارەنوسەی خۆی ڕازی بێتو تەنها ئەگەر بۆی کرا هێندێک چاکسازی تێدا بکات، دنیایان غەرقی تیرۆریزم، غەرقی هەژاری کرد، دواکەوتوویان پەرە پێدا، چەندین شەڕی خوێناویو پڕ کارەساتیان بەرپاکرد، ئێستا وەختی ئەوەیە کە جارێکی تر بڵێین ئێمە ڕاستمان دەکرد خەڵکینە.

ئاوێنە: بەڵام ڕەوتێک لەناو حیزبی ئێوەدا کار بۆ گۆڕینی ئەم ناوە دەکات؟

ئیبراهیمی عەلیزادە: بەڵێ ڕاستە، بەڵام ئەم ڕەوتە لەڕووی وەزنی سیاسیو ڕێکخراوەییەک کە هەیەتی ئێستا توانای ئەوەی نیە ڕێبازی سیاسی ئێمە بگۆڕێ.

ئاوێنە: ئایا ئێوە ئەوە بەکێشە نازانن کە بەشێک لەئەندامەکانتان لەمانەوەی کۆمەڵە لەناو حیزبی کۆمۆنیستدا ناڕازین؟

ئیبراهیمی عەلیزادە: ئەو کێشەیە لەگەڵ ئەوەشدا کە واقعییە بەڵام لەو ئاستەدا نیە کە ئێمەی خستبێتە بەردەم قەیرانێکی مەترسیدارەوە. ئەوەی کە ئێمە پێدادەگرین لەسەر مانەوەی کۆمەڵە لەچوارچێوەی حیزبی کۆمۆنیستدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ستراتیجییەی هەمانە، ئێمە لەو باوەڕەداین کە تەنانەت ڕزگاری خەڵکی کورد لەکوردستانی ئێران لەستەمی نەتەوایەتیش بەڕادەیەکی زۆر گرێدراوە بەخەباتێکی سەرتاسەری، چونکە لەسایەی ڕژێمێکی دیکتاتۆری لەمەرکەزدا مومکین نییە ئێمە بتوانین دەسکەوتێکی جێکەوتوو بۆ درێژ ماوە لەکوردستاندا بەدەستبێنین، بۆیە سەرراست ترین ڕێگا بۆ خەڵکی کورد کە لەژێر ستەمی نەتەوایەتیدایە ئەوەیە لەگەڵ هاوپەیمانانو هاوچارەنوسانی سەراسەری خۆیدا پەیمان ببەستێ بۆ ئەوەی هەلومەرجی سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتی ئێران بگۆڕێت. مانەوەی کۆمەڵە لەچوارچێوەی حیزبی کۆمۆنیستدا ئاسانکارییەکی گەورەیە بۆ ڕزگاری خەڵکی کورد لەستەمی نەتەوایەتی.  ئەمە لەڕووی ستەمی نەتەوایەتییەوە. تا ئەو جێگەیەش پەیوەندی بەستراتیجی سۆسیالیستیمانەوەیە، هەرچی ئەو چوارچێوەیە گەورەتر بێت بۆ ڕزگاری چینی کرێکار، دەستکەوتەکانی زیاتر قابیلی پاراستنن.

ئاوێنە: بەڵام پێتوانییە کۆمەڵە بڕبڕەی حیزبی کۆمۆنیستەو بەدەر لەمە حیزبی کۆمۆنیست بوونێکی کارای نییە لەئێراندا؟

ئیبراهیمی عەلیزادە: ئەوە تەنها پەیوەندی بەحیزبی کۆمۆنیستەوە نیە، سەرجەم ئۆپۆزیسیۆنی ئێران لەپێگەیەکی وادایە، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەلومەرجە سیاسییەی بەسەر کۆی ئێراندا زاڵە، لەکوردستاندا بۆ کۆمەڵە هەلێکی مێژوویی هەڵکەوت کە لەڕاپەڕینی 1979دا پێگەیەکی جەماوەری پەیدا کرد، حیزبی کۆمۆنیست لەهەلومەرجێکدا پێکهات کە شۆڕشی گەلانی ئێران بەدەستی حکومەتێکی مەزهەبی تێک شکابوو، سەرتاسەری ئێران لەژێر دەسەڵاتی خەفەقانی کۆماری ئیسلامیدا بوو، لەکوردستان مقاوەمەتێکی جەماوەری شکڵی گرت. بەڵام تا ئێستا ئەو فرسەتە بۆ حیزبی کۆمۆنیست هەڵنەکەوتووە تا لەجەرگەی مقاوەمەتێکی جەماوەریدا یان کە لەفەزایەکی دیموکراسی یان نیمچە دیموکراسیدا گەشەیەکی بەرچاو بکات. بەم حالەشەوە لەگەڵێک لەحیزبە سیاسیەکانی بەرەی چەپی ئێران یان تەنانەت لەچاو گەلێک لەحیزبە سیاسیەکانی بەرەی ڕاستیش جێگاو شوێنێکی باشتری بۆ خۆی دەستەبەر کردووە. ئەم حیزبە توانیویەتی لە کوردستان کۆمەڵەی هەبێ، نفوزێکی سیاسی بەرچاوی لەناو کرێکارانی پێشرەو، لەنێو خوێندکارانو ڕۆشنبیرانی ئێران هەیە، ئینسیجامی هێڵی سیاسی خۆی پاراستووە، هەموو ئەمانەش کۆمەک دەکەن بەوەی بتوانێت لەگۆڕانکارییەکانی ئایندەی ئێراندا ڕۆڵ ببینێت.

ئاوێنە: بەڵام ئێوە کە حیزبی کۆمۆنیستان دامەزراند سەردەمی هەڵکشانی چەپ بوو، ئێستا چەپ پاشەکشەیەکی زۆر گەورەی کردووە، پێتانوانییە ئەمە پێویستی بەسەرلەنوی بەخۆداچوونەوەیەو حیزب بەشێوە "لینینیزم"یەکەی جاران هەر باوی نەماوە؟

ئیبراهیمی عەلیزادە: ورد بوونەوە لەهەلومەرجی ئێستای کۆمەڵگەی ئێران پێچەوانەی ئەوەمان پێدەڵێت، تەماشای بزوتنەوەی خوێندکاران بکە لەزانکۆکان، ئێستا لەدروشمەکانیان بڕوانیت هەمووی ڕەنگو بۆنی چەپو کۆمۆنیستیان پێوەیە، بزوتنەوەی کرێکارییو ژنان ئەوەندەی جوڵانەوەیان تیاکراوە هەمووی مۆرکی چەپی پێوەیە. بەربەرەکانێی داهاتووی ئۆپۆزیسیۆن لەئایندەی سیاسی ئێراندا لەنێوان دوو ڕکەبەردایە: لیبراڵەکانو کۆمۆنیستەکان، ئیسلامییەکان تەواو لەپەراوێزدان، ڕووبەڕووبوونەوەی لیبراڵو کۆمۆنیستەکان چارەنوسی سیاسی داهاتووی ئێران دیاریدەکات. بەلای ئێمەوە پاراستنی سەنگەری حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ئەو ڕێگادەستەمان بۆ دەپارێزێت بچینە ئەو کێشەیەوە لەئاستی سەراسەریدا، لەحاڵێکدا کە خۆقەتیس کردنەوە بەکۆمەڵەو بەکوردستان لەو دەرفەتی سەراسەرییە بێ بەشمان دەکات.

بۆ حیزبی لێنینیش کە گۆیا باوی نەماوە، بەداخەوە لادانی حیزبی کۆمۆنیستی ڕوسیە لەڕێبازی کرێکاریو دوور کەوتنەوەی لەکۆمۆنیزم  هەر لەساڵەکانی دەیەی سییەوەو پاشان دیکتاتۆری دژی ئینسانی ستالین کە

هیچ شتێک نەبوو جگە لەوەڵامدانەوە بەویستو ئارەزووەکانی ناسیونالیسمی رووسی، لەپاڵ تەبلیغاتی بەردەوامی دژی کۆمۆنیستی دەوڵەتانی رۆژئاوا، رێگایان نەداوە جێگەو شوێنی واقعی رێبازی لنین لەمێژووی روسیەو جیهاندا بناسرێت. قەتعەن حیزبی ئەمرۆیی شێوەکارو ئەولەویەتەکانی تایبەت بەئەمرۆی لێماندەوێ کە لنین نەویستویەتیو نەدەتوانێ وەڵامدەرەوەی بێت، بەڵام خۆ ئێمە لەبۆشاییدا گەشە ناکەین، پێویستە پشت بەئەزمونەکانی مێژوویشمان ببەستین.

ئاوێنە: مەبەستم لەو حیزبی "لینینیستی" لەدنیادا باوی نەماوە، بەو مانایەیە کە سەرەکیترین خەسڵەتی ئەوجۆرە حیزبانە دیسپلینی توندو کۆنترۆڵکردنی بیرو کاری حیزبایەتیو زنجیرەیەک پۆستی ئاڵۆزو رێکخستنێکی ئاسنینە کە بەشێوەیەکی ستونی رێکخراوەو باوەڕیان بەکرانەوە نییەو تەنها خۆشیان بەحیزبی پێشڕەو دەزانن؟

ئیبراهیمی عەلیزادە: ئەمرۆ تەبلیغاتی میدیای سەر بەنیزامی سەرمایەداری، ستالینیزمو حیزبی ستالینی بەدرێژەی مەنتیقی رێبازی لێنینو حیزبی لینینی دادەنێو ئۆلگوی حیزبی ستالینی دێنێتە بەرچاوو هێرش دەکاتە سەر لینین. ئەوە هەر درێژەی پروپاگەندەیەکی دژی کۆمۆنیستییە کە بەداخەوە تا ڕادەیەک زەینی رۆشنبیرانی چەپی وڵاتانی وەکو ئێمەشی داگرتووە. حیزبی "بۆلشویک" مێژووی خۆی هەیە، دەکرێ بیخوێنییەوەو قەزاوەتی لەسەر بکەی. ئەو حیزبە لەکردەوەدا شۆڕشێکی ئاڵوگۆر پێکهێنەری کۆمەڵایەتی مێژوویی بەئەنجام گەیاندووە. قەزاوەتێک کە لەپرسیارەکەی ئێوەدا هاتووە پێناسەی حیزبێکی ستالینییە کە ئەویش مێژووی خۆی هەیە. بەهەمووی ئەوانەوە ئێمە ناڵێین لێنین وەڵامی هەموو وردەکارییەکانی مەربوت بەحیزبی سیاسی لەسەردەمی ئێمەشدا، لا بووە، شتی وا نابێ. لە سەردەمی تەقینەوەی زانیاریدا گەشەی سەرسوڕهێنەری تەکنەلۆژیدا بێگومان شکڵو قەوارەی حیزبو شێوەی کاری ناوەندەکانیو میکانیزمەکانی گەشە کردنی لە او دەورەی لێنین گەلێک جیاوازی هەیە. جگە لەمە حیزب لەهەلومەرجی دیموکراتیکدا یان لەخەباتی نهێنیدا، یان لەدەورەی شۆڕشگێڕانەدا، تایبەتمەندی زەمانەی خۆی دەبێ. لەڕوانگەی ئێمەوە حیزب ئامرازێکە بۆ ئەوەی چینی کرێکار بەرەو دەسەلاتی سیاسی هیدایەت بکات. ئەوە ناکرێ بەبێ ئەوەی پێکهاتەی ئەو حیزبە بەرەسمیو بەعەمەلی بەدیموکراتیکترین شێوە بێت. حیزبێکی کراوە، لەهەموو روویەکەوە شەفاف، خەڵک بتوانێ رەخنەی لێبگرێ، لەگەڵ بەرەو پێشچوونی کۆمەڵگا مۆدێرن ترو کارا ترو جەماوەری تر بێتەوە. لەهەموو ئەوانەش گرنگتر لەخاڵە وەرچەرخانە مێژووییەکانداو لەهەلومەرجە هەستیارەکاندا بەسیاسەتو تاکتیکو کردەوەی رێنیشاندەرو روون، کۆمەڵگا لەقۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکیتر تێپەڕێنێ.

ئاوێنە: ئێوە قەیرانی کۆمەڵەی سەر بەحیزبی کۆمۆنیست لەقۆناغی داهاتوودا لەچیدا دەبینن؟

ئیبراهیمی عەلیزادە: قەیرانی ئایندەی کۆمەڵە لەدامرکانەوەو شکستی خەباتی سەراسەریی لەئێراندا دەبینم. ئەگەر ئێمە ئەو زەمینەیە پەیدا نەکەین کە بتوانین وەکو حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لەئاستی سەراسەریدا وەزنەیەکی گرنگ بین، لەم حاڵەتەدا ئەگەر نەتوانین وەڵامی گونجاو بەهەلومەرجێک بدەینەوە کە دێتە ئاراوە، پێشبینی ئەوە دەکرێ کە لەکۆمەڵەدا قەیران روو بدات.

### کۆمەڵەکەی ترو شکستی پرۆژەکەیان

ئاوێنە: ئێستا کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشان بەهەلومەرجێکی نائاساییدا تێدەپەڕێت، بەبڕوای تۆ ئەم کێشەو قەیرانەی لەکوێوە سەرچاوە دەگرێت؟

ئیبراهیمی عەلیزادە: ئەم کێشانە هەرچەندە رەنگە زۆر رووکەشی هەبێت وەک کێشە لەسەر دەسەلاتو نەبوونی دیموکراسی یان شەفافیەتی دارایی، بەڵام لەناوەڕۆکدا دەگەڕێتەوە بۆ شکستی پرۆژەکەیان، پرۆژەی بوژانەوەی کۆمەڵەو شکستی ئەو سیاسەتانەی کە لەو ماوەیەدا گرتیانەبەر. ئەوان نەیانتوانی سەرنجی جەماوەری کوردستان بۆ لای پرۆژەکەیان رابکێشن. ئەمان وەختێک لەکۆمەڵەو لەحیزبی کۆمۆنیست جیابوونەوە وتیان ئێمە هەڵەمان کردووە، واتە پێکهاتنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە1983دا کارێکی هەڵە بووە، ئەو ساڵانەشی ئێمە لەژێر سایەی ئەو رەوتەدا بووین هەڵە بووینو هەموو ئەو رەنجەی داومانە

بەخەسار چووە. باشە من دەڵێم خەڵک بە چ مەنتقێک لە دەورانێکی وەکو ئێستادا کە هەلومەرجێکی شۆڕشگێڕانە لەئارادا نییە، دوای حیزبێک بکەوێت کە دەڵێت من هەژدە ساڵە بەهەڵە چووم؟

ئاوێنە: بەڵام پێتوانییە داننان بەهەڵەدا جۆرێک لەڕاستگۆییە؟

ئیبراهیمی عەلیزادە: بێگۆمان ئەگەر هەڵە بێت داننان بەو هەڵەیە جۆرێک لەراستگۆییە، بەڵام خەڵکێک کە ئامانجی حیزبێک قبوڵ دەکەن هەم راستگۆبونیان لەو حیزبە دەوێ‌و هەم سیاسەتێک کە خەباتەکەیان بەرەو پێش بەرێت. سەرەرای ئەوە بەبڕوای من ئەوەی کە ئەوان پێیان وابوو هەڵە بووە، ئەکسەریەتی لایەنگرانی رەوتی کۆمەڵە لەکوردستان بەهەڵەیان نەزانیوە.

ئاوێنە: کاک ئیبراهیم ئەگەر تۆ سەیری رابردووی خۆت بکەیت، هیچ هەڵەیەکی تیا بەدیناکەیت؟

ئیبراهیمی عەلیزادە: بێگومان هەڵەم هەبووە. داننان بەهەر هەڵەیەکدا فەزیلەتێکی ئەخلاقی باشە. بەڵام بۆ جەماوەری کردنی حیزبێکی سیاسی‌و کۆکردنەوەی خەڵک، ئەوە بەس نیە. ئەگەر لاتوایە هەڵەت کردووە پێویستە لەکردەوەی سیاسیتدا خەڵک دڵنیا بکەیتەوە لەوەی کە هەڵەکانت دووبارە ناکەیتەوە. خۆ لەهیچ حیزبێکی سیاسی ئۆپۆزیسیۆندا ئێستا حەڵوا بەش ناکەنەوە، هەمووی رەنجو کوێرەوەرییە، فیداکاری‌و دەربەدەرییە، ئەگەر من دڵنیا نەبم لەوەی دوێنێ هەڵەی کرد ئەمرۆ دووبارەی ناکاتەوە، چۆن لەگەڵی دەکەوم؟ ئەوان لەرەخنە لەرابردووی خۆیاندا راستگۆ بوو بن یان نەبووبن، هەر لەو ماوەیەدا گەلێک سیاسەتیان دارشتووە کە نەیتوانیوە بچێتە پێش، بۆ نمونە سیاسەتی نزیک بونەوە لەلیبراڵەکانی ئێرانی وەکو فیدائیانی ئەکسەریەت‌و ئەوانی تر، سیاسەتی دانیشتنی بەنهێنی لەگەڵ مەئمورانی بێ ناو نیشانی رژێم، سیاسەتی بەرە دروست کردنەکانی ئێرانی‌و کوردستانیان، سیاسەتی خۆ گونجاندن لەگەڵ ستراتیژی ئەمەریکا لەناوچەکەدا، سیاسەتی نارۆشنیان بەرانبەر بەخەباتی چەکداری، سیاسەتی دژایەتی کردن لەگەڵ مانگرتنی گشتی لەکوردستان لە١٦ی گەلاوێژی پێراردا.

ئاوێنە: ئایا ئەوەی ئێستا لەناو کۆمەڵەی شۆڕشگێڕدا روودەدات دەبێتە هۆی لێکترازانی دوو باڵەکە؟

ئیبراهیمی عەلیزادە: لەوانەیە جیابونەوە روو بدات، بەڵام کێشەکانی ناوخۆی ئەوان کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر کۆمەڵگای کوردستان نیە. بەشێکی زۆری کێشەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ مەوقیعەتیان لەکوردستانی عێراق. واتە ئایا دەتوانن لێرە پێگەی خۆیان بپارێزن، ئایا دەتوانن یارمەتی پێویست بۆ ئیدامەی کاری خۆیان پەیدا بکەن، ئایا دەتوانن بنکەو شوێنێک بۆ مانەوەی سەقامگیری خۆیان دەستەبەر بکەن. پێموایە فاکتەرەکە سەبارەت بەئەگەری لێکترازان یان لێک نەترازانیان زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ هەلومەرجێک کە دوای ئەو کێشانە، لێرە لەکوردستانی عێراق بۆیان دێتە پێش.

## حیزبی دیموکرات.. بێباوەڕی بەسەرکردایەتی

ئاوێنە: حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیش بەهەمان قەیراندا تێپەڕی، ئێوە چۆن لەو کێشەیەو هۆکارەکانی دەڕوانن؟

ئیبراهیمی عەلیزادە: ئەگەرچی جیابونەوەی ناو حیزبی دیموکرات تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەڵام سەرچاوەی سەرەکی قەیرانەکەیان هەر ئەوەیە کە پێشتر بەشێوەیەکی گشتی باسم کرد. لەسەر شێوەی کاری سەرکردایەتی‌و مەسەلەی دیموکراسی‌و پێشێلکردنی مافی ئەمو ئەو لەناو حیزبی دیموکراتدا، هەمیشە لەرابوردووشدا کێشە هەبووە بەڵام هۆکاری ئەوەی سەرکردایەتی ئەو حیزبە لەو دەورە دیاریکراوەدا نەیتوانی ئەو کێشانە کۆنترۆڵ بکات، ئەوە بوو کە ئۆتۆریتەی سیاسی خۆی لەناو ریزەکانی ئەو حیزبەدا لەدەست دا بوو، لاواز بوونی ئۆتۆریتەی سیاسی رێگەی ئەوەی نەدا کە بتوانێت بەسەر ئەو کێشانەدا زاڵ بێت.

ئاوێنە: بەڵام ئەوەی لەناو حیزبی دیموکراتدا روویدا زیاتر لەوەی ململانێی فکری بن ململانێی شەخسی نەبوون؟

ئیبراهیمی عەلیزادە: ململانێی شەخسی ئەگەر بووە لە سەرەوەی حیزب بووە جەماوەری حیزبەکە بۆ دوو کەرت دەبن؟ بەشێک لەحیزب کە بەسەرکردایەتیەکەی بێ باوەڕ دەبێ‌و لەهەمانکاتدا ناشیەوێ ریزەکانی

حیزبەکەی بەجێبهێڵێ، بەناچاری لایەنەکەی دیکە هەڵدەبژێرێ بەو هیوایەی کە ئەو لایەنە ڕێگەی دەربازبونێکی پێ نیشان بدات. بەڵام لەئەساسدا سەرچاوەی ئەو بێ باوەڕ بوونە لەنەچونە پێشی ئەو سیاسەتانەدایە کە ئەو سەرکردایەتییە دایڕشتووە.
ئاوێنە: ئایا ئەم دوو کەرتبوونە دەبێتە شتێکی چەسپاوو ساڵانێکی درێژ خایەن بەردەوام دەبێت یان هێشتا دەرفەتێک لەبەردەمدایە بۆ یەکگرتنەوە؟
ئیبراهیمی عەلیزادە: ئێستا یەکگرتنەوەیان هیچ زەمینەیەکی نییە، کێشەکانیان بەچارەسەر نەکراوی لەجێی خۆیەتی، یەکگرتنەوە تەنها لەپرۆسەیەکی گۆڕانکاری سیاسیدا لەکوردستان کە ئەو دوو هێڵە بتوانن ستراتیجیو سیاسەتێکی عەمەلی وەکو یەکیان هەبێت دەتوانێ ڕوو بدات.
ئاوێنە: بەڵام حیزبی دیموکرات پێشتر بەقەیرانی وادا تێپەڕیوەو دواتریش یەکیانگرتووەتەوە.
ئیبراهیمی عەلیزادە: جاری وابووە کە هەر یەکیان نەگرتۆتەوە، جاری واش هەبووە چەند ساڵێکی خایاندووە تا دیسان یەکیان گرتووەتەوە، بۆ جیابونەوەی ئەوجاری حیزبی دیموکرات ئیمکانی یەکگرتنەوەیان پەیوەندی بەهەلومەرجی سیاسی داهاتووی ئێرانەوە هەیە.
ئاوێنە: ئەم کەرتبوونو پەرتەوازییەی لەحیزبی دیموکراتو کۆمەڵەو پێشتریش کە لەنێو ئێوەدا روویدا چ زیانو مەترسییەک لەخۆدەگرن بۆ کۆمەڵگەی کوردی؟
ئیبراهیمی عەلیزادە: لەهەلومەرجی ئێستادا کە جۆشو خرۆشێکی شۆڕشگێڕانەی زۆر بەهێز لەکۆمەڵگەدا لەئارادا نییە، تا رادەیەک نیگەرانی لەناو خەڵکدا پێکدێنێ، ئەگەر ئێمە هەوڵ نەدەین بۆ رەفعی ئەو نیگەرانیانە، بێ باوەڕی بەحیزبایەتیو کاری حیزبی لەناو جەماوەردا پەرە پێ ئەدات.
ئاوێنە: ئایا لەبەرامبەر ئەوەدا، پێتوانییە لەناوخۆی کوردستانی ئێراندا چەند ناوەندێک خەریکە لەناو روناکبیراندا سەرهەڵدەدەن کە پەیوەندییان بەم حیزبە تەقلیدییانەوە نییەو دەیانەوێ ببنە نوێنەری کۆمەڵگەی کوردی؟
ئیبراهیمی عەلیزادە: حەرەکەیەکی بەرین هەیە، خەریکە خۆی ڕێکدەخاتو خەریکە دەچێتە پێشێ.
ئاوێنە: ئەی سەرەنجام ئەم حیزبانە بەجێناهێڵێت؟
ئیبراهیمی عەلیزادە: بەشبەحاڵی خۆمان پێمانوایە نابێت بەجێبمێنین، بەڵکو هەوڵمانداوە بەهەر رادەیەک ڕێگە دەستمان هەبێ کاریگەریمان لەسەری هەبێ.

## پەکەکە.. قەیرانی چەکدارەکانی

ئاوێنە: ئەگەر لەحیزبەکانی دیکەی کوردستان بڕوانینو بە پەکەکە دەستپێبکەین، ئایا هەستدەکەن پەکەکە لەقەیراندایە یان ئێوە قەیرانی پەکەکە لەچیدا دەبینن؟
ئیبراهیمی عەلیزادە: پەکەکە بەرلەوەی حیزبێکی سیاسی بێت، بزوتنەوەیەکی جەماوەرییە لەکوردستانی تورکیا، مانەوەو بەردەوامبوونی پەکەکە پەیوەست نییە بەو هێزە چەکدارییەی لەقەندیل رایگرتووە، بەڵکو بەو نفوزە جەماوەرییەیە کە لەناو کۆمەڵگەی کوردستانی تورکیاو لەدەرەوەی وڵات لەئەوروپادا هەیەتی. واتە ئەو هێزە چەکدارییە بڕبڕەی پشتی پەکەکەو لایەنی بەهێزیشی نیە. قەیران زۆرتر ئەو بەشەی گرتۆتەوە.
ئاوێنە: زیان یان سوودەکانی تاکرەوی پەکەکە لەکوردستانی تورکیادا لەچیدا دەبینن کە تا رادەیەک تەنها کاراکتەری گۆڕەپانی سیاسییەو هەموو حیزبو ڕێکخراوەکانی تر لەحوکمی نەبوودان لەچاو ئەمدا؟
ئیبراهیمی عەلیزادە: ئەمەی کە لەکوردستانی تورکیە تاکە یەک حیزب هەڵسوڕاوی سەر گۆرەپانی سیاسی بێت رەوتێکی باشو نیشانەی پێشکەوتوویی سیاسیو کۆمەڵایەتی نیە. کۆمەڵگای تورکیە بەکوردستانیشیەوە شیاوی ئەوەیە کە حیزبی سیاسی جۆراوجۆری لەسەر بنەمای ستراتیژو ئامانجی سیاسیو چینایەتی جیاواز تێدا پێکبێت. پاوانخوازی پەکەکە زیان بەپێشکەوتنی کۆمەڵایەتی دەگەیەنێو ئەمرۆکە کۆمەڵگای کوردستانی تورکیەش گەیشتۆتە ئاستێک کە تەسلیمی ئەو پاوانخوازیە نابێت.
ئاوێنە: ئایا دەکرێت بڵێین کە لەناو هەموو حیزبەکانی کورددا پەکە لەهەموویان کاراترو گەورەترە؟

ئیبراهیمی عەلیزادە: پەکەکە  لەهەموو حیزبەکانی تر کە ئێستا هەن، هەم پێگەی جەماوەریی بەهێزترە، هەم قودرەت‌و توانای ڕێکخراوەیی‌و هەم ئیمکاناتی تەبلیغاتی‌و سیاسی زۆرترە. هەر بۆیە ئەگەرچی دەوڵەتی تورکیە وا نیشان ئەدات کە گۆیا بەخەباتی چەکداری پەکەکەو بنکەکانی قەندیلیەوە سەغڵەتە، بەڵام لەراستیدا تەمەرکوزی ئەسڵی خۆی لەسەر لێدانی پێگەی جەماوەری ئەو حیزبە داناوەو بۆ ئەو مەبەستە سیاسەتێکی گەلێک پێچاوپێچ بەڕێوەدەبات.

ئاوێنە: ئایندەی پەکەکە چۆن دەبینی؟

ئیبراهیمی عەلیزادە: پێشبینی کردنی دژوارە، بەبڕوای من خەڵکی کورد لەکوردستانی تورکیا سەرەنجام ئیرادەی خۆی بەسەر دەوڵەتی تورکیادا دەسەپێنێت. زەمینەی کۆمەڵایەتی سەرهەڵدانی حەرەکەی رادیکال‌و چەپیش لەداهاتوویەکی نەزۆر دووردا لەو وڵاتە بەهێزە. پەکەکە تەنها حیزبی بەهێزی سەر گۆرەپانی سیاسی نابێت. بەم سیاسەتانەی کە رەچاوی دەکەن مەوقعیەتی ئێستای خۆیان بۆ ناپارێزرێ.

### پژاك.. بینایەك لەشووشە

ئاوێنە: پژاک هەرچەندە پارتێکی گرێدراوی پەکەکەیە، بەڵام لەماوەیەکی کورتدا توانیویەتی ژمارەیەکی بەرچاو لەگەنجانی کوردی رۆژهەلات لەدەوری خۆی کۆ بکاتەوە، ئایا هەستناکەن ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بۆشاییە سیاسییەی کە لەئەنجامی چەندین هۆکاری جیاوازدا لەگۆرەپانی سیاسی کوردستانی ئێراندا بەدیهاتووە؟

ئیبراهیمی عەلیزادە: دەنگدانەوەی حزوری "پژاک" لەمەیدانی خەباتی سیاسی کوردستاندا ئەساسەن پەیوەستە بەو جموجۆڵە چەکدارییەی کە ئێستا لەسەر سنورەکانی کوردستانی عێراق دەستیان داوەتێ. هەستیار بوونی هەلومەرجی ناوچەکەش وایکردووە کە سەرنجی میدیاو ناوەندەکانی هەواڵ بەرەو لای ئەم جموجۆلە رابکێشرێ. ئەوەی کە ژمارەیەک لەلاوانی کوردستانی ئێران لەدەوری ئەم رێکخراوەیە کۆبوونەتەوە هۆکارەکەی هەڵدەگەرێتەوە بۆ هەلومەرجێک کە چەند ساڵ لەمەوبەر "پەکەکە" لەکوردستانی ئێران تێیدا بوو. ئەوکات رژێمی کۆماری ئیسلامی بەمەبەستی تایبەتی خۆی چاوپۆشی دەکرد لەهێندێک چالاکی "پەکەکە" لە ناو کۆرو کۆمەڵە فەرهەنگی‌و کولتورییەکانی کوردستاندا. ئەو کۆرو کۆمەڵانە لەهەمانکاتدا ببوون بەپێگەیەک بۆ ئامادەکردنی لاوانێک کە دەیانویست بەرپزەکانی "پەکەکە" پەیوەست بن. لەو شوێنانەوە ژمارەیەک لەم لاوانە رێنوێنی کران بەرەو سنورەکان‌و پەیوەست بوون بەرپزەکانی گەریلای "پەکەکە"وە. کۆماری ئیسلامیش چاوپۆشی لەو حەرەکەتە کرد. دوای گیرانی عەبدوڵا ئۆجەلان لەپیلانێکی نێودەوڵەتیدا، "پەکەکە" بڕیاری دا کە هەر کام لەپارچەکانی کوردستان لەباتی چالاکی راستەوخۆی ئەوان، پارتی تایبەتی خۆیان هەبێ. "پژاک" لەدرێژەی ئەو سیاسەتەدا پێکهات‌و هەر لەسەرەتاشەوە ژمارەیەک لەکادرو بەرێوەبەرانی کە بەم دابەشکردنی کارە رازی نەبوون، لەژێر ناوی "یەکیەتی دیموکراتەکانی کوردستان" لێیجیابوونەوە. "پژاک" وەکو رێکخراوێکی سیاسی چەکدار، بوونی هەیە، بەڵام بەبڕوای من بۆشاییەکی کۆمەڵایەتی یان سیاسی دیاریکراوی لەکۆمەڵگای کوردستاندا پڕ نەکردۆتەوە.

ئاوێنە: هەستناکەن پژاک دەتوانێت لەماوەیەکی درێژخایەندا پێگەی خۆی لەناو خەڵکی کورستانی ئێراندا قایم‌و گۆرانکاری لەهاوکێشە سیاسییەکانی کوردستانی ئێراندا دروست بکاو ببێت بەرکەبەری حیزبە تەقلیدی‌و سونەتییەکانی؟

ئیبراهیمی عەلیزادە: هیچ نیشانەیەک لەوە دیار نییە کە لەرێکخراوی "پژاک"دا وەها زەرفییەتێکی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی پێکهاتبێت کە بتوانێ ئەو جێگاو شوێنە بەدەستبێنێ. خەباتی چەکداری "پژاک" کە ئەمرۆکە ئەساسی چالاکی ئەو رێکخراوەیەی لەسەر بینا کراوەو لەسەر سنورەکان بەرێوە دەچێت، جیاوازی هەیە لەگەڵ خەباتی چەکداری کۆمەڵەو حیزبی دیموکرات لەکوردستانی ئێران. ئەوەی دووهەمیان لەدرێژەی هەلومەرجێکی شۆرشگێرانەو مقاوەمەتێکی جەماوەریدا هاتە ئاراوەو زەمینەی بەهێزی کۆمەڵایەتی هەبوو کە لەلایەن حیزبە سیاسییەکانیشەوە وەڵامی پێدرایەوە. بەڵام ئەوەی دووهەمیان بەپێی بڕیاری حیزبی‌و بەبێ ئەوەی وەڵامی هیچ مەیلێکی تازە بابەتی جەماوەری بداتەوە، هاتووەتە کایەوەو بەبڕوای من چالاکیەکی بێ ریشەی کۆمەڵایەتییە.

www.rawij.com

ئێستاش بەچاوپۆشی هێزەکانی سەر سنووری ئەمەریکایی ئیمکانی ئیدامەکارییەکەی دابین بووە. لەگەڵ ئەوەشدا کە خەباتی چەکداری هەمیشە ئامرازێک بووە کە خەڵکی کورد توانیویەتی لەکاتی پێویستداو لەپێناوی مقاوەمەتو خەباتو شۆڕشدا دەستی بۆ بەرێو لەداهاتووشدا دەتوانێ دووپات بێتەوە، بەڵام لەهەلومەرجی ئێستادا خەباتی جەماوەری لەشارەکانو خەباتی پێشمەرگانە، جێگاو شوێنیان جێگۆڕکێی پێکراوە، ئەوەی یەکەمیان هاتووەتە سەر شانۆو هەموو هەوڵی ئێمە ئەوەیە کە رێگا نەدرێ بەمیلیتاریزە کردنی زۆرتری کوردستان لەباربچێت. ئێمە رکەبەریەکمان لەگەڵ ئەمجۆرە حیزبانە نییەو سیاسەتو ستراتیژی خۆمان بەرەو ئامانجێکی راگەیەندراو، سەربەخۆ لەوانە دەبەینە پێش.

ئاوێنە: بەبڕوای ئێوە ئەو قەیرانانە چین کە لەقۆناغی داهاتوودا رووبەڕووی پژاک دەبنەوە؟

ئیبراهیمی عەلیزادە: چالاکی چەکداری لەسەر سنورەکان پەیوەستە بەپشتی جەبهەیەکە کە بۆ ئەو کارە دابین کرابێت. ئەو پشتی جەبهەیە دەتوانێ بەئاسانیو لەئاکامی رێککەوتنێکی دەوڵەتەکانی ئەو ناوچەیە دابخرێت. تا ئێستاش بوونی بەو دانوستانو ئاڵوێرانەوە گرێدراوە کە لەمابەینی بەرژەوەندییەکانی جۆراوجۆری هێزەکانی دەسەڵاتداری ئەم ناوچەیەدا دەکرێت. ستراتیژێک کە لەسەر بنەمای کەڵک وەرگرتن لەکەلێنو کەلەبەرەکانی دیپلۆماسیدا بینا کرابێت، مەودای بەرەوپێشچوونی بەرتەسکەو هەموو رۆژێک دەبێ چاوەڕوانی کۆتایی پێهاتنو داخرانی بکەی. لەگەڵ پەیدابوونی هەر قەیرانێک بەنیسبەت حزورو مانەوەی هێزەکانی "پەکەکە" لەسنوورەکانی کوردستانی عێراق یان هەر دانوستانو پیلانێک کە لەسەر ئەم کێشەیە شکڵ بگرێت، بەخێرایی یەخەی "پژاک"یش دەگرێتەوە. "پژاک" بەهۆی هەلومەرجی پێکهاتنەکەی، بەهۆی نەبوونی ستراتێژی سیاسی جێکەوتوو تەنانەت ئامانجو بەرنامەی رۆشن، بەرانبەر بەمجۆرە ئاڵوگۆڕانەی کە لەسیاسەتی ناوچەیی عێراق، ئێران، تورکیا، حکومەتی هەرێمو ئەمەریکادا پێکدێت مەودای مانۆڕدانی بەرتەسکەو بەمانایەک لەبینایەکی شوشەییدا دەژیت.

## یەکێتی.. قەیرانی ریفۆرم

ئاوێنە: یەکێتی یەکێکە لەحیزبە سەرەکیەکانی کوردستانو یەکێک لەکێشە گەورەکانی ئەم حیزبەش کوتلەبازیو کێشمەکێشی کوتلەکانیەتی، لەدیدی تۆوە ئەم کێشانەی ناو یەکێتی لەکوێوە سەرچاوە دەگرن؟

ئیبراهیمی عەلیزادە: کێشەکانی ناوخۆی دوو حیزبی دەسەڵاتداری یەکێتیو پارتی لەرابردوودا کە ئۆپۆزیسیۆن بوون هەرچی بووبێت، ئێستا بەپلەی یەکەم ئەو کێشانەیان پەیوەستن بەهەلومەرجی سیاسی عێراقو داهاتووی ئەو وڵاتەوە. رەوتی داهاتووی ئەوان لەژێر کاریگەری ئەو رووداوانەدا دەبێ کە لەعێراقدا دێنە ئاراوە.

ئاوێنە: بەڵام پێتوانییە ئەم کێشانە ئەوەندەی کێشەی زاتیو ناوخۆیی ناو یەکێتین هی هەلومەرجە دەرەکییەکە نییە؟

ئیبراهیمی عەلیزادە: بێگومان کێشەی ناوخۆیی هەیە، بەڵام من بۆچوونم ئەوەیە کە رووداوە دەرەکییەکان زۆرتر رۆڵ دەبینن لەسەر ئینسیجامدان بەناوەوە یان لێکترازانیان. شتێکی گرنگتر لەناوخۆی کوردستاندا، تەنزیمی پەیوەندییەکانی نێوان یەکێتیو پارتی زۆر رۆڵ دەبینێت کە ئایا لەداهاتوودا یەکێتی چۆن دەبێت.

ئاوێنە: یەکێتی چۆن دەبێت کە لەداهاتوودا پێدەنێتە قۆناغی دوای تاڵەبانییەوە؟

ئیبراهیمی عەلیزادە: یەکێتی نیشتمانی وەک زۆرێک لەحیزبە سونەتییەکانی رۆژهەڵات زۆر گرێدراوە بەسەرکردەکەیەوە، ئەوە روونە کە مام جەلال رۆڵێکی زۆر گرنگ دەبینێت لەئینسیجام بەخشینو راگرتنی یەکێتی ناو ریزەکانی یەکێتیدا، بەڵام بە لەبەرچاو گرتنی پێشینەی یەکێتی نیشتمانیو بە لەبەرچاوگرتنی ئەو هەلومەرجە سیاسییەی کە لەکوردستانی عێراقدا هەیە، من لەو باوەڕەدا نیم کە رۆڵی سیاسی یەکێتی نیشتمانی بەو ئاسانییە لەکوردستاندا پاشەکشەی پێبکرێت. بەحوکمی ئەوەی کە یەکێتیو پارتی دوو حیزبی دەسەڵاتدارن. پەرەگرتنی ناڕەزایەتی جەماوەری لەدەسەڵاتی ئەو دوو حیزبەو شکڵ گرتنی بەدیل لەبەرانبەریاندا دەتوانێ ببێ بەهۆی لاواز کردنو پاشەکشە پێکردنیان.

ئاوێنە: واتە لەقۆناغی دوای تاڵەبانیدا، یەکێتی دەتوانێت هەمان ڕۆڵ ببینێت کە ئێستا لەسەردەمی تاڵەبانیدا دەیبینێت؟

ئیبراهیمی عەلیزادە: بێگومان زیانێکی گەورەی لێدەکەوێ، بەڵام دەوری خۆی لەگۆرەپانی سیاسی عێراقدا بەم هۆیەوە لەدەستنادات.

ئاوێنە: ئایا ڕەوتی ریفۆرم توانیوییەتی چ خزمەتێک بەیەکێتی بکات یاخود چ زیانێکی بەیەکێتی گەیاندووە؟

ئیبراهیمی عەلیزادە: بۆ هەڵسەنگاندنی کارکردی بەرەی ریفۆرم پێویستە سەرنج بدرێتە دوو خاڵی سەرەکی، یەکەم: ریفۆرمخوازەکانی ناو یەکێتی لەدەسەڵاتدا بوونو چاوەڕوانی ئەوە دەکرا کە بەپێی وەزنی خۆیان لەدەسەڵاتدا نمونەگەلێک لەوەی کە خۆیان پێیانوابوو چاکسازییە بەکردوە بەخەڵکیان نیشان دابا. جا بەو پێیە دەکرا لەخوارەوەش جموجۆڵێکی هەماهەنگ بخەنە ڕێ. دروشمو داخوازیەکانی بەرەی ریفۆرم لەچوارچێوەی یەکێتیدا پێشکەوتوو بوو، خۆی لەخۆیدا زیانی بەیەکێتی نەگەیاندووە، بەڵام مەلزوماتی پێویستی بۆ ئامادە نەکرابوو، ئەو ئامرازانەی کە بەدەستیانەوە بوو، دەیانتوانی بەکاری بهێنن، بەڵام بەکاریان نەهێنا. دووهەم، ئەگەرچی یەکێتیو پارتی ساڵەهایە لەکوردستان دەسەڵاتدارن بەڵام لەراستیدا بەهۆی بارو دۆخێکی تایبەتی کە ئەم ناوچەیەی تێکەوتووە هێشتا تەکلیفی دەسەڵاتی سیاسیو داهاتووەکەی لەکوردستان لەپەیوەند لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزیدا یەکلایی نەکراوەتەوە. کەوابێ هیچ پرۆژەیەکی چاکسازی ناو یەکێتی ناتوانێ بە سەر ئەو راستیەدا باز بداتو پلاتفۆرمو پلانی سیاسی ڕۆشنی بۆ ئەو مەسەلەیە نەبێ. ئەگەر هەڵوێستی رادیکالتر وەردەگرێ، رای بگەیەنێو ئەگەر سازشیش پێویستە دەبێ لەئاکامەکەشیدا شەریک بێ. بەبڕوای من ئیبهامو ناڕۆشنی لەسەر ئەو مەسەلەیە بڕوا بەخۆی لەناو بەرەی ریفۆرمدا گەلێک دابەزاندبوو.

ئاوێنە: ئایا درێژەکێشانی ئەم زۆرانبازی کوتلانە یەکێتی بەو تواناو بەهێزییە دەهێڵێتەوە؟

ئیبراهیمی عەلیزادە: پێموایە لەناو حیزبێکی سیاسی زیندوودا ئەو ململانێیانە دەبێت رووبدەن، هەر حیزبێک وەها مونسەجیم بێت کە هیچ جۆرە ناڕەزاییو جیاوازییەکی چ لەسەرەوەو چ لەخوارەوەیدا نەبێت، عەیبێک لەکارەکەیدا هەیە.

## پارتیو کەموکورتییەکانی

ئاوێنە: پارتی جۆرێک لەو ئینسیجامەی پێوە دیارە، هەڵبەتە هۆکەشی ئەوەیە زۆربەی جومگە سەرەکییەکانی دەسەڵاتی ئەو حیزبە لەدەست چەند کەسێکی نزیک بەیەکتردا چڕ کراوەتەوە، پێتوانییە مانەوەی حیزبێک بەمجۆرە زەمەن بەجێیدەهێڵێتو ڕۆژگاری ئەوە هاتووە گۆڕانکارییەکی ریشەیی بەسەردا بێت؟

ئیبراهیمی عەلیزادە: مەرج ئەوە نییە من چەندم پێوایە، مەرج ئەوەیە کۆمەڵگە چەندەی پێوایە. بەڵام ئەرکی ڕۆشنگەریو میدیای ئازاد لەکوردستانی عێراقدا ئەوەیە کە کارێکی وا بکات لەو بەشانەشدا کە پارتی دەسەڵاتدارە ئیمکانی ئینتیخابی واقیعی بەخەڵک بدات. ئەگەر ئەوە نەکرێ، مەرج نییە دەسەڵاتی پارتی بەوشێوەیە بپارێزرێت، نەبوونی هەلومەرجی دیموکراتیک ڕەنگە مەترسی زۆر گەورەی بەدواوە بێت.

ئاوێنە: واتە ئەم حاڵەتە قەیران لەم حیزبەدا دروست ناکات؟

ئیبراهیمی عەلیزادە: پێموایە قەیران لەناو حیزبەکەشدا دروست نەکات، لەدەرەوە مونافیسی بۆ دروست دەبێت، بۆ نمونە هەر ئێستا یەکێکیان یەکگرتووی ئیسلامیە.

## یەکگرتووی ئیسلامیو مەترسییەکانی

ئاوێنە: مەترسی یەکگرتوو لەچیدایە؟

ئیبراهیمی عەلیزادە: من لەهیچ حیزبێکی سیاسیدا کە لەسەر ئەساسی ئایدۆلۆژی ئیسلامی دامەزرابێت، هیچ سوودێک بۆ کۆمەڵگەی کوردستان نابینم.

ئاوێنە: بەڵام پێتوانییە نوێنەرایەتی بەشێک لەفکری خەڵک دەکات؟

ئیبراهیمی عەلیزادە: نوێنەرایەتی بەشێک لەفکری خەڵک دەکات، بەلام شەرت نیە هەموو ئەو خەڵکەی کە دەکەونە شوێن حیزبێکی سیاسی قازانج و زەرەری خۆیان دروست تەشخیس دابێ. ئەوە کەم کاری ئێمەیە کە بۆشاییەکی بەجێهێشتووە حیزبە ئیسلامیەکان پڕی دەکەنەوە. هەڵبەتە دەبێت ڕێز لەئیتنیخابی خەڵکیش بگیرێت، من پێموانییە ئەو ڕەوشەی وەختی خۆی لەجەزائیر پەیڕەو کراو ئەنجامی هەڵبژاردنیان ڕەتکردەوەو دەنگی خەڵکیان پێشێل کرد، ئەوە ڕەوشێکی دروست بێت. یان لەفەلەستین کە حەماس دەنگی هێناوە دەبێت نیزامی کایەکەمان قەبول کردووە، ڕێز لە ئاکامەکانیشی بگرین.

ئاوێنە: بەلام ئەمە خاڵێکی ئیجابی نییە کە لایەنێکی ئیسلامی وەک یەکگرتوو بەشێوەیەکی مەدەنی چالاکی دەکاو پەنای نەبردووەتە بەر چەکو میلیشیا؟

ئیبراهیمی عەلیزادە: بەداخەوە لەکۆمەڵگای ئێستای عێراقدا ئەوەندە چاوەڕوانیمان هاتووەتە خوارێ هەر ئەوەندەی نەمانکوژن، خۆیان بەسەرماندا نەتەقێننەوە بۆ خۆی بەدەسکەوت دادەنرێت.

ئاوێنە: بەلام بۆ ڕەوا بێ مەسیحییەکان لەئەوروپا بەدەیان حیزبی دیموکرات مەسیحییان هەبێت، بەلام لێرە ئیسلامییەکان نەبێت باوەڕی بەخەباتی مەدەنی بێت؟

ئیبراهیمی عەلیزادە: کێ دەڵێت ڕەوا نییە هەیانبێت؟

ئاوێنە: ئەی بۆ جێی مەترسی بن؟

ئیبراهیمی عەلیزادە: بۆ جێی مەترسی نەبن؟ ئێمە دەزانین ڕەوتی ئیسلامی سیاسی لەئێران چ بەڵایەکی بەسەر خەڵکدا هێناوە، لەهەر شوێنێکیش بەدەسەلات بگەن قەوانینی دواکەوتوو زاڵ دەکەنەوە بەسەر کۆمەڵگادا. ئێستا دەسەلاتیان نییە کەمتر دەڵێن بەلام سبەی شەریعەت دەکەنە بنەمای هەموو یاسایەکمانو ئەوە لانیکەمی دەبێ.

ئاوێنە: بەلام ئەگەر بەو شێوەیەی پارتی گەشەو عەدالەتی تورکیا ڕێز لەئازادییە تاکەکەسییەکان بگرنو بەهەڵبژاردن بێنە سەرکارو باوەڕیان بەتەداولی دەسەلات هەبێت، بۆ ئەمانە نەبن؟

ئیبراهیمی عەلیزادە: بۆ ئەوەی بزانین دەوڵەتی تورکیا چەندە ڕێز لەئازادییە تاکە کەسەکان دەگرێ پێویستە کارنامەی میتی تورکیاو هەلومەرجی زیندانە سیاسیەکانی ئەو وڵاتەو کوشتوبڕی کوردستانیشمان لەبیرنەچێتەوە. پارتی گەشەو عەدالەت نمونەیەکە کە دەوڵەتانی ڕۆژئاوا هەوڵ دەدەن وەکو بەدیلی ڕەوتە ئیسلامیەکان جێی بخەن، ئەوانەی کوردستان لەسەر ڕێچکەی ئیخوانولموسلمینو جیاوازیان هەیە.

## حیزبە بچوکەکان.. کاسپیو دیکۆر

ئاوێنە: لەکوردستاندا "بەتایبەتی لەکوردستانی عێراقدا" لەپاڵ ئەم حیزبانەشدا چەند حیزبێکی بچوک هەن، بەبڕوای تۆ پێویستیو مەنتقی مانەوەی ئەم حیزبانە لەچیدایە، کە نەدەتوانن گەورە بن، نەوەک نەریتێکی حیزبایەتیش کار بۆ گەیشتن بەدەسەلات دەکەنو نە ئەوەندە قورسایشیان هەیە کە بتوانن گۆمی ڕووداوەکان بشلەقێنن؟

ئیبراهیمی عەلیزادە: ئەو حیزبە بچوکانە زۆربەیان وەکو دیکۆرێک بۆ نیشاندانی سیمای "دیموکراتیک" لەناو کۆمەڵگای کوردستان بەکاردەهێندرێن. کەسبو کارێکن کە ژیانی کۆمەڵێک بنەماڵە دابین دەکەن، پێوەندی بەحیزبایەتیەکی ڕەسەنی ناو کۆمەڵگایەکی مەدەنیو فرە حیزبییەوە نییە.

## حیزبایەتی.. ڕێگایەك بۆ تیرو تەسەلی

ئاوێنە: ئەوەی جێی سەرنجە لەکاتێکدا کە لەوڵاتانی دیموکراسیدا، ئابونەی ئەندامو کۆمەکی موئەسەسات بەردەوامبوونی حیزب مسۆگەرو خەرجییەکانی دابین دەکات، کەچی لای ئێمە لەهەرێمی کوردستاندا ئەم هاوکێشەیە بەئەندازەیەک پێچەوانەیە کە گەورەییو بچوکی حیزبەکان لەسەر ئەوە بەندە چەندە پارەو ئیمتیاز دەدەن بەئەندامەکانیان، زۆربەی کادیرو ئەندامانی دوو حیزبە سەرەکیەکە بەتایبەتیو حیزبەکانی دیکەش بەگشتی وەک "کارمەند"یان لێهاتووەو بەشێکی زۆریشیان تەنها دوای پارەو ئیمتیاز کەوتون، ئەمە چ زیانێک بەکاری حیزبایەتی دەگەیەنێت؟

ئیبراهیمی عەلیزادە: پەیوەندی حیزبو دەسەلأت لەکوردستانی عێراقو لەعێراقدا بەگشتی سونەتی جێکەوتووی نیە. لەوڵاتانی پێشکەوتوی سەرمایەداری، حیزبێک دێتە سەر دەسەلأت یان لەدەسەلأت دەکەوێ بەڵام هەیکەلی ئیداری دەوڵەت گۆڕانی بەسەردا نایەت. حیزبایەتی ڕێوشوێنی خۆی هەیەو ئیدارەی دەوڵەتیش ڕێو شوێنی خۆی. دەسەڵاتی حیزب بەسەر حکومەتدا لەبەرنامەی ئەو حیزبەو لەبانترین ئاستی بەڕێوەبەرایەتیدا خۆی نیشان دەدات. ئەگەر حیزبایەتی لەجیاتی پابەندبوون بەئامانجو ڕێبازو بەرنامە بوو بەرێگایەک بۆ بەڕێوەچونو ژیانی تێرو تەسەل، ئاساییە ئەگەر ئەندامانی ئەو حیزبەش خۆیان وەکو کارمەندی حیزب ببینەوە. ئەمڕۆکە بەداخەوە کۆمەڵگای کوردستان ڕەوتێکی بەرەو بێ تەفاوەتی سیاسی دەپێوێ. لەحاڵێکدا گرنگترین کێشە سیاسییەکانی ئەو کۆمەڵگایە هێشتا بەهەڵپەسێردراوی ماونەتەوە، جەماوەری خەڵک لەچاوەڕوانیدا دەژیو دەورێکی سیاسی جدی بۆ بەشداری خۆیان دانانێن. لەوەها هەلومەرجێکدا هەر کەسە بیر لەڕێگاچارەی تاکەکەسی بۆ خۆی دەکاتەوە. لەناو ئەندامانی حیزبیشدا هەر ئەو مەیلە پەرە دەستێنێو حیزب لەرێکخراوێکی سیاسیو بەئامانجو بەرنامەی دیاریکراوەوە دەبێتە شوێنێک بۆ بەڕێ چوونی ژیان. بێگومان وەها وەزعێک کۆسپو تەگەرەیە لەسەر ڕێگای گەشەی سیاسی کۆمەڵگا.

## حیزب.. دابینکردنی بەرنامەیەکی دیاریکراو

ئاوێنە: کاک ئیبراهیم وا نزیکەی چل ساڵە بەحیزبایەتیو کاری حیزبییەوە خەریکو سەرقاڵیت، لەکۆتایی ئەم گفتوگۆیەدا دەمانەوێ بزانین راڤەو پێناسەی تۆ بۆ چەمکی "حیزب" چییە؟

ئیبراهیمی عەلیزادە: بەپێچەوانەی ڕێکخراوەی جەماوەری کە کۆبوونەوەی کۆمەڵێک ئینسانە لەدەوری بەرژەوەندییەکی دیاریکراو، حیزب بریتییە لەرێکخستنی کۆمەڵێک ئینسان بۆ دابینکردنی بەرنامەیەکی دیاریکراو لەسەر ئەساسی پەیڕەوێکی ناوخۆ کە لەسەری ڕێکدەکەونو پێدەنێنە ناو کێشمەکێشەکانی سیاسیو کۆمەلأیەتی زەمانەی خۆیان. لەجەرگەی ئەو کێشمەکێشەدا ستراتیژی خۆیان واتە ڕێگای گەیشتن بەو بەرنامەیە دەدۆزنەوە. دیارە حیزب بەم پێناسەوە خۆی لەگەڵ گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان، پێکهاتە، پیڕەو، بەرنامەو ستراتیژی گۆڕانی بەسەردا دێت. بەڵام بۆ ناسینی حیزبێکی دیاریکراو لەهەر قۆناغێکدا چوونە سۆراغی بەرنامەو پیڕەوی ناوخۆ ماتریالێکی زۆرمان پێنادەن. چونکە بەرنامەو پیڕەوی ناوخۆ بۆ زۆربەی ئەم جۆرە حیزبانەی کە باسیان لیوە دەکەین، ئامراز گەلێکن بۆ ڕازاندنەوەی حیزبەکە لەقەفەسەی کتێبخانەکانیاندا. هەروەها ئەوەی کە خۆیان سەبارەت بەخۆیان دەڵێن چی، زۆر گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە لەڕووی هەڵسەنگاندنێکی بابەتییەوە لەدەرەوەی خۆیان جێگاو شوێنیان دیاری بکرێت. ئەوە هەڵسەنگاندنی ستراتیژی حیزبێکو ڕادەی جدی بونیان لەبەرەوپێش بردنی ئەو ستراتیژە لەجەرگەی خەباتی سیاسیو کۆمەڵایەتیدا، بەواتایەکی دیکە کردەوەیانە کە پێناسەی حیزبێکی سیاسی دیاریکراو تەکمیل دەکات.

سازدانی: سەردار محەمەد

*سەرچاوە: سایتی ئاوێنە